# با ئەحمەد سالار لەیادکەین

نیهاد جامی

ئەم ناونیشانەی سەرەوە لەووتارێکی بۆدریار وەرگیراوە لەژێر ناوی (با فۆکۆ لە یاد کەین) بۆیە ئەوەی پەیوەندی بە وتارەکەی بۆدریارەوە هەبێت تەنیا ناونیشانەکەیە دەنا بەهیچ شێوەیەك پەیوە ندیمان بەو ووتارەوە نیە.

ئەحمەد سالار بەشێکە لەناو تازەگەری کوردی، بەڵام ئەو تازەگەریە لەئێستادا سیماکانی توانای خۆنوێکردنەوەیان لەچیدایە؟ ئەحمەد سالار چۆن دەتوانێت تازەگەر بێت؟ تازگەرە لەچیدا؟ لەرێگەی ئەو پرسیارانەوە دەمانەوێت هەڵوەستە لەسەر تازەگەری سالار بکەین، کاتێ ئاماژە بۆ تازەگەری شانۆی سالار دەکەین پەیوەندیی بەو پرۆژە ئەزمونکاریەوە هەیە کە لە تێکستی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) دەست پێ دەکات بەوەی چەمکی ئاهەنگ لەپانتاییەکی جیاوازدا دێتە ناو رەوتی شانۆییمان، ئەو هاتنە تێکشکاندنی چەمکی باوی خوێندنەوەیە بۆ رابردوو، قسەکردنەوەیە لەهێنانەوەی مێژوو بۆناو ئەو زەمەنە هەنوکەییەمان، ساتەوەختی ئەو ئەزمونە کورتکرایەوە بۆ شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی وەك ئێستا هەر ئەو کەسانە بەشانۆی تازەگەری ناوی دەبەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ئەزمونە چەندە هەوڵێك بوو بۆ ئەزمونێکی جیاواز، بەڵام چەمکی ئاهەنگسازی چەمکێك نەبوو لەم شانۆیەدا لەئەزمونی مەغرییەکانەوە نزیك بێت، بەڵکو ئەوە تەنها ئەو عەقڵیەتە دۆگمایە بوو کە لەرێگەی ناونان و شوبهاندنەوە کێشەی خوێندنەوە لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە کە لەجەوهەردا گوزارشتە لەبێتوانایی خۆی، ئەو ئەزمونە بەدوای (کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ) (جزیری وانەی ئەڤین دادەدات) سیماکانی بەتەواوی دەرکەوت.

لە هەڵۆدا کێشەی تەوزیف کردن زۆر بەزەقی دەردەکەوت بەهۆی گۆرانی و شیعر زۆر زاڵ بووە بەسەر پرۆسە هارمۆنی و یەکەی شانۆ، هەرچی لەجزیریە چەمکی ئاهەنگ تیایدا جیاوازی خۆی لەتەك مەغریبیەکان درووست دەکات بەوەی ئاهەنگ لە فیکردا نیە وەك ئاهەنگسازی مەغریبی، بەڵکو ئاهەنگ لە بەرجەستەکردنی لەناو وێنەی شانۆییدایە، ئەگەرچی فیکر کێشەی ئەو ئەزمونەیە وەك لە (کێشەی چوون و نەچوون.. گریمان نالی هاتەوە) ئەنفال رووداوێکە لەخوێندنەوەی بۆ رابردوو فەرامۆشی ناکات، وەك نالی دەبینین دەڵیت"بەڵێ دەمێنمەوە بەرەنگار دەبم" ئەو پرۆژەیە بەو دەقە کۆتایی بەقۆناغی یەکەمی خۆی دێنێت، کە لەووتاری (چەمکی ئاهەنگ لەشانۆی سالاردا) ناومان برد بە قۆناغی مانەوە، بەوەی کارەکتەرە مێژوویەکانی وەکو نالی و جزیری لەرێگەی گەرانەوەیان بۆناو ئەو زەمەنەمان داکۆکی لەگوتاری مانەوەی کوردی دەکەن، ئەوان دەبنە بەشێك لەناو ئێستا بوونی ئاهەنگ.

لەگەڵ راپەرین ئەو ئەزمونە بەکۆمەڵێك تێکستی ترەوە هاتەوە (ئەو دەمە ی ئەڤین مەزنتر دەبێت،

کاتیٚ شەهێن لەسەختەن هێلانە دەکات) جیاوازی ئەو قۆناغە لەتەك قۆناغی پێشوو لەوێوە دەست پیٚ دەکات بەوەی مانەوە دەگۆڕێت بە گۆڕان (قۆناغی گۆڕان) بەوەی قۆتاغێکە بۆئەوەی بەسەر خۆیدا بکرێتەوە و بگۆڕێت پێویستی بەڕەخنەیە لەو قۆناغەدا توانیویەتی هەندێك دەلالەت وەزیفەی ئاماژەکاری پیٚ ببەخشێت.

ئەگەر ئەو دووقۆناغە شوناسی شانۆیەکی تازەگەر بە ئەحمەد سالار ببەخشێت، کە من لەوەشیان ناکۆکم، چونکە ئەوەی ئەو دەکات بە تازەگەر قۆناغی مانەوەیە نەك گۆڕان بەو پێیەی کەمتر لەقۆناغی دووەمدا خۆی دەرهێنەری شانۆگەریەکان بووە، خەڵکانی تر بەو کارە هەڵساون، بەڵام ئەو تازەگەریە شانۆییە سیماکانی خۆی دەرخست وەك ئەوەی بینیمان و خوێندمانەوە.

ئایا لەئێستا ئەو تازەگەریە لە ئەزموندایە بەمەبەستی خۆ نوێکردنەوە یان سیماکانی بوونە بنەمای جێگیر بۆ ئەزمونی ئاهەنگسازی کوردی؟ئەو کاتەی دەبینین ئەو ئەزمونە بەتایبەت بەدوای دەقی (ئەوانەی بەدوای توونی بابا چوون) دەرکەوت هەر گەشەیەك بەو ئەزمونە ببەخشرێت ئیدی لەسیاقی دەقەوە دەبێت نەوەك نمایش، بەمانای سنوری تازەگەری لەو ئەزمونە دەست نیشان کراوە، بۆیە ئەوانەی یەخەی ئەو ئەزمونەیان گرتووە پەیوەندی بە تازەگەریەوە نیە هێندەی مەبەستیانە تازەگەری کوردی نەتوانیٚ سنوری کەلەپور ببەزێنێت، بەدڵنیاییەوە ئەحمەد سالار وەك ئەوان بیر ناکاتەوە کە ناکریٚ زەمەنی گلۆبالیزەیشندا زەمەنێك بروای بە فرە کولتوریی بێت کەچی ئێمە لەناو کولتوری کوردی دەرگا لەسەرخۆمان دابخەین و بڕوامان بە قبوولٚ کردنی کولتورەکانی تر نەبێت، ئەوەیان تەنیا ئەوانە مەبەستیانە کەناتوانن ئەزمونەکانی شانۆی ئەزمونگەری قەبوولٚ بکەن، چونکە ئەزموون تیایدا سنورەکانی وەستا، ئەوەیان حالەتێکی نێگەتیڤ نیە لەسەر شانۆی سالار، بەلکو دەکریٚ ئەزمونێك تەمەنی دەست نیشان کراو بێت، کەتەمەنی تەواوو بوو، کۆتایی ئەزمونەکە ڕابگەیەنێت و بەرەو ئەزمونی تر هەنگاو بنێت.

ئەزمونی شانۆی ئەزمونگەری کوردی لەسە ردەستی شەمال عومەر و نیگار و دانا و میدیا و گەزیزە، ئەزمونێك بوو لەگەڵ ڕاپەرین کۆتایی پێهات و ئەزمونی تر شوێنی گرتەوە جا چ بۆ خۆیان کە لەدەرەوە (لابۆری شانۆی لالش) یان دامەزراند وە چ بۆ گوتاری ئەزمونگەری لەڕەوتی شانۆی کوردیدا کە ئەزمونی تری هێنا ئەزمونەکانی (هۆرێن  غەریب، ڕزگار ئەمین، هیوا فایەق) یا ئەزمونی شانۆکارە گەنجەکانی هەولێر لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تا ساڵی دوو هەزار یا ئەزمونی ئێستای تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك، کە دەکریٚ گەر هونەرمەند هەستی کرد ئەزمونەکە لەشوێنێکدا دەوەستیٚ بیر لەئەزمونی تر بکاتەوە کەنەچێتەوە سەر ئەزمونەکانی پێشووی، چونکە یەکێك لەتێگەیشتنەبەراییەکانی ئەزمونگەری بۆ شانۆدا گەڕان و دۆزینەوەو کەشف کردنە وەك پیتەر بروك پەیرەوی دەکات.